# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2022-2023

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | کۆلێژی تەکنیکی شەقلاوە | |
| **Department** | شیکاری نەخۆشیەکان/ ئێواران | |
| **Module Name** | کوردۆلۆجی& مافی مرۆڤ، جینۆساید، یەکسانی جێندەری | |
| **Module Code** | **KUR101** | |
| **Degree** | **Technical Diploma** [/] **Bachelor** [/] **High Diploma** [ ] **Master** [ ] **PhD** [ ] | |
| **Semester** | **1st** | |
| **Qualification** | **M.A. in applied linguistics** | |
| **Scientific Title** | **Assistant Lecturer** | |
| **ECTS (Credits)** | **5** | |
| **Module type** | **Prerequisite** [/] **Core** [ ] **Assist.** [ ] | |
| **Weekly hours** | | |
| **Weekly hours (Theory)** | **(3)hr Class** | **(36)Total hrs Workload** |
| **Number of Weeks** | **12** | |
| **Lecturer (Theory)** | کەلسوم خالید احمد | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | **Kalthum.khalid@epu.edu.iq 07507674535** | |
| **Websites** | https://scholar.google.com/citations?user=XB2Sgo4AAAAJ&hl=ar<br>https://orcid.org/my-orcid?orcid=0000-0002-5974-1482<br>https://www.researchgate.net/messages/1753205937<br>https://academicstaff.epu.edu.iq/faculty/kalthum.khalid<br>https://moodle.epu.edu.iq/my/ | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description Kurdology** | **کوردۆلۆجی:**<br>وانەی کوردۆلۆجی؛ ئەم وانەیە، کە پێویستە هەموو دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان خوێندبێتی. هەر لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دانان و خوێندنی ئەم وانەیە لە ناوەندی زانکۆ و پەیمانگە داوە، وانەکە خۆی لەخۆیدا کۆمەڵێک پەرەنسیپی ئەکادیمی و ئامانج و مەبەستی گرینگ لەخۆ دەگرێت. بەپشت بەستن بەسەرچاوەی ئەکادیمی بەپێی بنەماکانی خوێندن لەهەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەم وانەیەدا مامۆستای بابەت هەوڵ دەدات هەموو لایەنەکانی کوردۆلۆجی لەناساندنی زمان و کوردناسەکان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی و جوگرافیا و مێژووی کوردستان و ئەدەبی کوردی بخاتەڕوو. هەروەها هاندان و ئاڕاستەکردنی قوتابی بەشێوەیەک، کە ئاگاداربێت لەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی وەکو ئەرشیفێک ڕابردووی گەلەکەمان پێکدەهێنن. |
| **Course Description Human Right** | **مافی مرۆڤ، جینۆساید و جێندەرناسی):**<br>بەشێوەیەکی گشتی بابەتی مافی مرۆڤ، جینۆساید، یەکسانی جێندەری بریتیە لە بابەتێکی زانستی پشت ئەستور بە سەرچاوەی ئەکادیمی بەپێی بنەماکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان وەک مەرجێک دانراوە لە کۆلێژ و پەیمانگاکان لەهەموو بەشێکی زانستی، لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا مامۆستای بابەت هەوڵ دەدات لایەنەکانی جینۆسایدی کورد و ئەو شێوازانەی کە گیراونەتەبەر بۆ جینۆساید کردنی کورد لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و تەعریب و تێکدانی گوندەکان، هەروەها مافی مرۆڤ بەپێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی مافە مەدەنی و سیاسی و کلتوریەکان بخاتەبەر دید و هزری قوتابی. |
| **Course objectives Kurdology** | **ئامانج و مەبەستی وانەکە: (کوردۆلۆجی)**<br>• ناساندنی چەمک و مەبەست و ئامانجی کوردۆلۆجی.<br>• پێدانی زانیاری بە قوتابیانی کورد و نەتەوەکانیتر، بۆئەوەی شارەزاییان لەبارەی کورد و کوردستانەوە هەبێت.<br>• لێکدانەوەی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی، کە تایبەتن بە کورد و کوردستان لەڕووی: مێژوو، جوگرافیا، زمان، ئەدەب، داب و نەریت و ئایین. |

| | |
|---|---|
| | • راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵانەی کە لەبارەی کورد و کوردستان وتراوە، بۆ نموونە: زمانی کوردی دیالێکتێکی فارسییە.<br>• چەسپاندنی گیانی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری و مرۆڤ دۆستی لەلای قوتابیان. |
| **Course objectives Human Right** | **ئامانج و مەبەستی وانەکە: (مافی مرۆڤ& جینۆساید، یەکسانی جێندەری)**<br>ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتە زانستیە بریتیە لە تیشک خستنە سەر ئەم قۆناغانەی، کە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق گرتویانەتەبەر بۆ قڕکردنی میللەتێک بەچەندین شێوازی جیاواز و بەرنامە بۆ دارێژراو، هەروەها ئاشناکردنی نەوەی نوێیە بەو کارەسات وماڵوێرانییەی، کە نەتەوەی کورد پێیدا تێپەڕیوە. |
| **Student's obligation** | بەرپرسیارەتی قوتابی بە درێژایی سیمستەری خوێندن، بۆئەوەی قوتابی بتوانێت زۆرترین سود لەم پرۆگرامی خوێندنە وەربگرێت ئەوا لەسەری پێویستە ئەم ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ:<br>• ئامادەبوونی بەردەوامی قوتابی لەناو هۆڵی خوێندن.<br>• ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی ڕۆژانە پێی دەسپێردرێت.<br>• ئەنجامدانی توێژینەوە و نوسینی ڕاپۆرت و سیمینار و ئەو چالاکییانەی لەناو هۆڵی خوێندن بەڕێودەچن.<br>• ئامادەبوونی قوتابی لە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکاندا.<br>• پوختکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە. |
| **Required Learning Materials** | لەم وانەیەدا، چەندین شێواز بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بە قوتابییان، وەکو ڕێگای ئامادەکاری، کە تیایدا بابەتەکان بە قوتابییان دەدرێ، لەگەڵ بەکارهێنانی چەند ڕێگەیەکی دیکە، وەکو شێوزای پانێل، ڕێگای گروپات بۆ گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام لە پێناو دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و باشتر گەیاندنی زانیارییەکان. بەکارهێنانی هەریەک لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکە و بوونی سەرچاوە و هۆکاری پێویستی لەبەردەستدابوو، دەگۆڕێت. وەک بەکارهێنانی (پاوەرپۆینت)، لەڕێگەی داتاشۆوە، بۆ ناونیشانە سەرەکییەکان و سەردێر و پێناسە و پوختە و دەرئەنجامەکان، بۆ پۆلێنکردنی بابەتەکان و ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی خاڵە گرینگ و پێویستەکانن وێرای هێنانەوەی نمونەی پێویست لەسەر بابەتەکان. هەروەها بەکارهێنانی وایت بۆرد و تەختەی سپی، بەشدارییپێکردنی قوتابییان. هاوکات پێدانی سەرچاوەی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەسود، بۆئەوەی بتوانرێت لەگەڵ بابەتەکاندا هاوکارێک بێ بۆ ڕوونکردنەوە و گەیاندنی بابەتەکە. | | | | |
| **Evaluation of Kurdology** | **Task** | | **Weight (Marks)** | **Due Week** | **Relevant Learning Outcome** |
| | Paper Review | | | | |
| | Assignments | Homework | 5% | 4th | 2 |
| | | Class Activity | 1% | Every week | All |
| | | Report | 4% | 11th | All |
| | | Seminar | 6% | Every week | All |
| | | Essay | | | |
| | | Project | | | |
| | Quiz | | 5% | Every week | All |
| | Lab. | | | | |
| | Midterm Exam | | 14% | | |
| | Final Exam | | 25% | | |
| | Total | | 60% | | |
| **Evaluation of Human Right** | **Task** | | **Weight (Marks)** | **Due Week** | **Relevant Learning Outcome** |
| | Paper Review | | | | |
| | Assignments | Homework | 5% | 9th | 6 |
| | | Class Activity | 1% | Every week | All |
| | | Report | 6% | 8th | All |
| | | Seminar | | | |
| | | Essay | | | |
| | | Project | | | |
| | Quiz | | 3% | Every week | All |
| | Lab. | | | | |
| | Midterm Exam | | 10% | | |
| | Final Exam | | 15% | | |
| | Total | | 40% | | |

| | |
|---|---|
| **Specific learning outcome: of** Kurdology | ١.قوتابی توانای وەڵامدانەوەی ئەو بیروبۆچونە هەڵانەی هەبێت، کە دەربارەی کورد گوتراون و ئەو لێکۆڵینەوانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەربارەی کورد نوسیویانە.<br>٢. قوتابی ئاشنا دەبێت بە زمانی ستانداردی کوردی و توانای هەبێت ئەم زمانە بەکاربهێنێت لەشوێنە فەرمییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا (دیالێکت) شێوەزارەکانی زمانی کوردی بناسێتەوە و قسەیان پێبکات. ئاشنایەتی پەیدا بکات لەبارەی زمانی کوردییەوە.<br>**٣.** قوتابی ئاشنا دەبێت بە ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی و یاسا و تیۆرەکانی زمان و ئەرک و تایبەتمەندییەکانی زمان.<br>**٤.** شارەزابوونی قوتابی بە ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی و جۆر و قۆناغەکانی ئەدەب و ئاشنابوونیان بە بەرهەم و شیعرەکانی شاعیرانی کورد.<br>**٥.** قوتابی فێری ستراتیژییەتی نوسینی توێژینەوە (لێکۆڵینەوە) دەبێت، بەپێی یاساوڕێسا، کە جیاوازبێت لەوەی کەسێکی نا ئەکادیمی نوسراوێک بڵاودەکاتەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، هەروەها ئاشنا دەبیت بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی.<br>٦. قوتابی توانای کۆکردنەوە و بە بەڵگەمەندکردنی بابەتە مێژووییەکانی هەبێت. هەروەها قوتابی زانیاری هەبێت لەسەر ناسینەوە و لێکۆڵینەوە لەشوێنەوارە مێژووییەکان و ئاشنابوون بە جوگرافیا و مێژووی کوردستان لە ڕابردوودا. |
| **Specific learning outcome: of Human Right** | **١.** قوتابی ئاشنادەکات بە مێژووی نەتەوەی کورد و جوگرافیای جینۆسایدی کرورد و ناساندنی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوی خاوەن کلتور و ژیاری تایبەتی قبوڵ نەکراو لەناوچەکە.<br>**٢.** قوتابی ئاشنادەکات بە زانیاری مێژوویی و جوگرافی و نەخشەوانی هەروەها ناساندنی مافەکانی مرۆڤ و ئاشناکردنی تاکی کورد بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بنەما سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەرک و مافەکان.<br>٣. ئاشناکردنی قوتابی بەو کاولکاری و وێرانکارییەی کە بەسەرکوردستان و ناوچەکەدا هاتووە، لەڕووی جینۆساید و گشت قۆناغەکانی ئەنفال و ئەنفالکردنی بارزانییەکان، یەزیدییەکان، کوردە فەیلییەکان و ڕاگواستنی ئافرەت و منداڵی کورد بۆ پارێزگاکانی باشوری عێراق و لەناوبردنی ڕەگەزی نێرینە.<br>**٤.** ئاشناکردنی قوتابی بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو نارەواییانەی، کە بەرانبەر مرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت لەهەر بارودۆخێکدابێت، هەروەها ناساندنی جینۆسایدکردنی کورد بە گەلانیتر. |

| | |
|---|---|
| | **٥.** ناساندنی ڕەگەزناسی و ئاشناکردنی قوتابی بەو تیۆرییانەی، کە لەبارەی جێندەرەوە خراونەتەڕوو. لەڕووی کلتورو سیاسەت و ئابوری و خێزانەوە.<br>**٦.** ئاشناکردنی قوتابی بەو ماف و جیاوگانەی لەبارەی جێندەرناسی باسکراون، هەروەها مافی ئافرەت و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتی کورد لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لە کاروباری سیاسی و ئابوری و خێزانداری و کاروپیشە جۆربەجۆرەکاندا. |
| **Course References:** | ١. **کوردۆلۆجی**، پ.ی. سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵا و ئیدریس عەبدوڵا، چاپخانەی هێڤی، چاپی دوازدەم، هەولێر، ٢٠١٤.<br>**٢.زمانەوانی**، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.<br>٣. **زمانەوانی**، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، بەرگەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.<br>٤. **زار و زمان**، نەریمان خۆشناو، ، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤.<br>٥. **کوردناسی**، سەرسام خلیل عمر- شاكر رضا احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٨.<br>٦. **زمانەوانی**، محمد معروف فتاح، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.<br>٧. **زانستی زمان و زمانی کوردی،** تاڵیب حوسێن، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.<br>٨. **زمانڤانییا تیۆری،** شێرزاد سەبری – عەبدولسەلام نەجمەدین، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.<br>٩. **سەردەمی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێران**، کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.<br>١٠. **زمانی کوردی شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا،** رەفیق شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.<br>١١. **مێژووی کورد و کوردستان**، محەمەد مەردۆخی کوردستانی، و. عەبدول کەریم محەمەد سەعید، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.<br>١٢. **مێژووی پەخشانی کوردی**، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.<br>**١٣. زمانی ستاندارد**، نەریمان خۆشناو.<br>١٤. **مێژووی ئەدەبی کوردی**، مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، ٢٠١٠.<br>١٥. تەها سلێمان، جینۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال نوسین، دۆکیۆمێنت، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٥.<br>١٦. ڕێبوار رەمەزان، پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لەسەدەی بیستەمدا، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٣.<br>١٧. زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، فوئاد حەمە خورشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨. |

| Course topics (Theory) Kurdology | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| سەرەتایەک دەربارەی زمان، پێناسەی زمان، ئەرکەکانی زمان | یەکەم | ٣ |
| تایبەتمەندیەکانی زمان، گریمانەکانی پەیدابوونی زمان. | دووەم | ٣ |
| ئاستەکانی زمان، ڕێنوس و فۆنیمەکانی زمانی کوردی. | سێیەم | ٣ - ٥ |
| لەبارەی زمان کوردی، خێزانە زمانەکانی جیهان و شوێنی زمانی کوردی، لەبارەی کوردۆلۆجی (کوردناسی) یەوە. | چوارەم | ٢ |
| زارەکانی زمانی کوردی، زمانی ستانداردی کوردی. | پێنجەم | ٢ |
| بەکارهێنانی زمان لەبواری پزیشکیدا | شەشەم | ١ |
| ئەدەب، پێناسەی ئەدەب، رەگەزەکانی ئەدەب. | حەوتەم | ٤ |
| تێڕوانینێک دەربارەی جۆرەکانی ئەدەب، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی. | هەشتەم | ٤ - ٥ |
| مێژووی کورد و کوردستان | نۆیەم | ٤ |
| میرنشینە کوردییەکان، کلتور و دابو نەریتی کوردان. | دەیەم | ١ - ٦ |
| جوگرافیای کوردستان، سنووری کوردستانی گەورە. زاراوەی کوردستان لە سەرچاوەکاند. لەبارەی باشوری کوردستانەوە. | یازدە | ٦ |
| تۆپۆگرافیای کوردستان (چیاکان، گردەکان، دەشتەکان)، ئایینی کوردستان لە کۆن و ئێستادا. دەرامەتی ئاو، دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی پێکهاتە | دووازدە | ٦ |
| **Course topics (Theory) Human Right** | **Week** | **Learning Outcome** |
| مافی مرۆڤ (چەمک و پێناسە)، مێژووی مافی مرۆڤ (سەرهەڵدان و پێشکەوتنی چەمکی مافی مرۆڤ) | یەکەم | ٢ - ٤ |
| پۆلێنکاری مافی مرۆڤ – جۆرەکانی مافی مرۆڤ – خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ | دووەم | ٢ |
| سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان (ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان)، میکانیزمی پاراستن و بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ | سێیەم | ٢ - ٤ |
| جینۆساید (چەمک و پێناسە)، مێژووی جینۆساید– ئامانجەکانی جینۆساید | چوارەم | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | پێنجەم | شێوازەکانی جینۆساید - جینۆساید دژی میللەتی کورد |
| ٣ | شەشەم | ئەنفال و کیمیاباران – جینۆسایدی ئێزیدییەکان |
| ١ - ٣ | حەوتەم | کاریگەرییەکانی ئەنفال لەڕووی (مرۆیی- ئابووری- ژینگەیی) هەوڵەکانی ناساندنی جینۆسایدی کورد (لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی) |
| ١ - ٤ | هەشتەم | ناساندنی جینۆسایدی کورد - ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادان لەسەر جینۆساید |
| ٥ - ٦ | نۆیەم | ناساندنی جێندەر – چەمک و پێناسە |
| ٦ | دەیەم | تیۆرەکانی جێندەر، پێگەی ئافرەتی کورد لە مێژوودا |
| ٥ | یازدە | جێندەر و خێزان – جێندەر و کلتور |
| ٥ | دووازدە | جێندەر و سیاسەت– جێندەر و ئابوری |

## Questions Example Design

### چەند نمونەیەک لە شێوازی تاقیکردنەوەکان

### ناساندن

١_کوردۆلۆجی ٢_ زمان ٣_ئەدەب ٤_مافی مرۆڤ ٥_ جێندەرناسی ٦_ ئەنفال

### نمونەی ژماردن و باسکردن

١_ چۆنیەتی دروست بوونی زمانی ستاندارد بەڕێگەی کلاسیکی باس بکە.

**٢_** باسي کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بکە؟ هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم کارەساتە چین؟

**٣_** تایبەتمەندییەکانی زمان بژمێرە و باس لە تایبەتمەندی (**زمان لەخۆوەیە**) بکە.

**٤_** هۆکارەکانی درەنگ بەکارهێنانی زاراوەی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە.

**٥_** دەستکەوتەکانی میرنشینە کوردییەکان چی بوون باسی بکە.

٦_ خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ بژمێرە؟

### جیاوازی

١_ جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت لەچەند خاڵێکدا بخەڕوو.


٢_ جیاوازینێوان ئەدەبی نوسراو و ئەدەبی سەرزاری چییە.

٣_ جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان.

**Extra notes:**

**External Evaluator**


پشتگیری ئەم کۆرسبوکە دەکەم، کە هەموو بنەما زانستییەکانی کوردۆلۆجی تیایە و لەگەڵ خوێندنی ئەکادیمی و سیاسەتی زانکۆ گونجاوە.



پ.ی.د ئازاد ئەحمەد مەحمود

مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیک/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر

پشتگیری ئەم کۆرسبوکە دەکەم، کە هەموو بنەما زانستییەکانی بابەتی (مافی مرۆڤ، جینۆساید و جێندەرناسی) تیایە و لەگەڵ خوێندنی ئەکادیمی و سیاسەتی زانکۆ گونجاوە.



م. سەرسام خلیل عمر

مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیک/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر